# ئیسلام لەدیدی جیاوازەوە

تەوەری یەکەم:
کۆمەڵگاو ئیسلام

## نەبیل فەییاز: یەکەم هەنگاو بەرەو عەقڵ دەبێتە یەکەم بزمار بۆ تابووتی ئیسلام

سازدانیو وەرگێڕانی بۆ کوردی:
سەروەر پێنجوێنی



**بەشی یەکەم**

نەبیل فەییاز (نبيل فيّاض)، بیرمەندێکی قوڵو نوسەرێکی بەبەرهەمو رەخنەکارێکی بەجەرگو توێژەرێکی بەتوانایە. لە بیری ئایینیی یەهودیو مەسیحیو ئیسلامیدا قووڵ بوەتەوە، بایەخێکی زۆری داوە بە (ئاییننناسیی بەراورد)و (رەخنەسازیی تەوڕاتی) Biblical Criticism و رەخنەسازی لەسەر دەقە ئیسلامیەکانیش. لە هەمان کاتدا رەخنەگرێکی بەردەوامە لە کەلەپوورو کۆمەڵگای ئیسلامی،و ئامانجی درووستکردنی هۆشیاریی زانستیە لای خوێنەرانی دەربارەی دیاردە ئایینیەکان.

ناوبراو، لە شارۆچکەی (القريتين) ی هەڵکەوتو لە خۆرهەڵاتی شاری (حیمص) ی سوریا، لە خێزانێکی عەرەبی موسوڵمانی سوننیی شافیعی، لەدایك بوە. کۆلێجی پزیشکی/بەشی دەرمانسازیی لە زانکۆی دیمەشق تەواو کردوە، هەر لەوێو لە شارۆچکەی (الناصرية) لە دەرەوەی دیمەشق کاری دەرمانسازیی کردوە.

هەرچەند پسپۆڕیی بنەڕەتیی خۆی بواری دەرمانسازیە، بەڵام بایەخە فیکریو زانستیەکانی تەواو جیاوازن.

ناوبراو کۆمەڵێکی زۆر کاری فیکریو زانستیی بە چاپ گەیاندوە، کە مشتومڕی زۆریان دروست کردوەو زۆربەیان لە وڵاتە عەرەبییەکاندا قەدەغە کراون، لەوانە: (كافكا ـ التحوّل)، (الشاعر المرتد، عزرا باوند)، (التلمود البابلي، رسالة عبدة الأوثان)، (مقالة في القمع)، (نيتشه والدين)، (حوارات في قضايا المرأة والتراث والحرية)، (يوم انحدر الجمل من السقيفة)، (أم المؤمنين تأكل أولادها)، (القصص الديني)، (حكايا الطوفان)، (حكايا الصعود)، (القرآن ككتاب مقدّس)، (نصّان يهوديّان حول بدايات الاسلام)، (الهاجريون)، (محمد نبيّ الإسلام)، (مدخل الى مشروع الدين المقارن)، (النصارى)، (ابراهيم بين الروايات الدينيّة والتاريخيّة)، (مراثي اللات والعزّى)، (رسالة الى اليمن لابن ميمون)، (المسيح والميثولوجيا)،و سەدان وتارو توێژینەوەی تر کە لە رۆنامەو گۆڤارو وێبسایتەکاندا بڵاوی کردونەتەوە.

ئەم دیمانەیەش، کە لەگەڵ ناوبراودا ئەنجامم داوە، لە بنەڕەتدا بە عەرەبیەو لێرەدا وەرگێڕانیی کوردیی دەخەینە بەر دەست، دوای لابردنی هەندێك تەوەرەو بڕگە کە رەنگە بۆ خوێنەری کورد زۆر گرنگ نەبن.

**هاوڵاتی:** هەست دەکرێت لێکۆڵینەوەی رەخنەیی جیدی بۆ ئیسلام (ئیسلام وەکو دەرکەوتنو سەرهەڵدانی،و دەقو چەمکەکانی)، هێشتا لە سەرەتایدایەتی.. ئێوەش پێتان وایە؟ هۆکاری ئەوە چیە؟

**نەبیل فەییاز:** زۆر بە داخەوە دەڵێم، لەم ناوچەیەدا کە زۆربەی دانیشتوانەکەی موسوڵمانن، ئیتر سەر بە هەر رەگەزێك بنو بە هەر زمانێك بدوێن، هیچ هەوڵو کۆششێکی جیدی بۆ تێگەشتنو نزیکبونەوە لە ئایینی ئیسلام بە شێوازێکی عەقڵانی، لە ئارادا نیە. وا دیارە ئیسلامو عەقڵ دو هێڵی بەرامبەرن کە هەرگیز بە یەك ناگەن. ئەگەر دەستەواژەکەی فەیلەسوفی دێنمارکی (سۆرێن کییرکێگارد) بەکار بهێنین (یان... یان...)، دەتوانین بڵێین "یان ئیسلام یان عەقڵ". کەسێکی ژیر چۆن دەتوانێت، تەنها بۆ نمونە، بە شێوەیەکی لۆجیکی لە دیاردەی حەج لە ئیسلامدا تێ بگات؟! بەتایبەتی بەردبارانی ئیبلیس ["دیابۆلوس" ی یۆنانی] یان تەواف بەدەوری ئەو بارستە بەردەدا کە پێی دەوترێت (کەعبە) یان ماچکردنی بەردە رەشەکە کە بڕوایان وایە لە بەهەشتەوە هاتوە! یەکەم هەنگاو بەرەو عەقڵ دەبێتە یەکەم بزمار بۆ تابووتی ئیسلام! لێرەوە دەکرێت لە نهێنیی ئەوە تێ بگەین کە بۆچی زانایان (!)ی ئیسلام هەمو هەوڵێکی رەخنەییو عەقڵانی بۆ تێگەشتنی ئیسلام رەت دەکەنەوە هەرچەند ئەو هەوڵە زۆر بێلایەنانەو بابەتییش بێت. ئەم زانایا ئایینیانەش وەکو هەمو لایەك دەزانێت لەلایەن دوو جەمسەرەکەی تری سێکوچکە گڵاوەکەوە، واتە جەمسەری سەرمایەدارانو جەمسەری دەسەڵاتداران، پشتگیری دەکرێن، ئەم سێ جەمسەرەش هیچ ئامانجو خەمێکیان نیە جگە لەوەی کۆمەڵگا (کە ئەوان "گەل"و "ئوممەت" ی پێ دەڵێن) لە دوا پلەی سڕەوتنو بێدەنگیو کڕیدا بمێنێتەوە. لە کێشمەکێشی نێوان عەقڵو نەقڵ، نێوان فەلسەفەو ئەفسانە، نێوان حەقیقەتو وەهمی حەقیقەت، تەنها لای دوەمی هاوکێشەکە براوەیە. هەتا ئەو هاوپەیمانێتیە گڵاوەش بمێنێت، هیچ وەڵامێك نابێت بۆ پرسیاری: حەقیقەت کامەیە؟

**هاوڵاتی:** کتێبی (هاجەریەت) Hagarism (چاپی ١٩٧٩) لە دانانی هەردوو خۆرهەڵاتناسی دیار لە بواری مێژووی ئیسلامیی بەراییدا، پاتریشیا کرۆنیو مایکڵ کووك، کە تۆ لە ئینگلیزیەوە بەوردی وەرتگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، ئەم کتێبە دەیەوێت چی بڵێت؟

**نەبیل فەییاز:** کتێبی (هاجەریەت)، کە من ناوی (الهاجریون) م بۆ داناوە، کارێکی ناوازەو درەوشاوەی دو توێژەری گرنگو پایەدارە.

ساڵی (٢٠٠٥) کە من هاوینەکەی لە واشینگتۆن بوم، پەیوەندیم کرد بە (پاتریشیا کرۆنی) وە، ئەو زویر بو بە هۆی بڵاوکردنەوەی وەرگێڕاوی عەرەبیی کتێبەکەیەوە، هەرچەند پێشتریش ئاگادار بوو و پێش چەند ساڵێك بۆ تاووتوێی بابەتەکە هاتبوو بۆ دیمەشقو بەڵکو دیمانەیەکی تێروتەسەلیشی لەگەڵ ئیزگەی سوریا ئەنجام دا. بەڵام بینیم دەترسا لەوەی کتێبەکە بە وەرگێڕانی عەرەبی وەکو رۆمانەکەی (سەلمان روشدی) ی لێ بەسەر بێتو دەترسا لەوەی کێشەیەکی لە جۆری کێشەکەی روشدی روبەڕو ببێتەوە ئەگەر کتێبەکە بڵاو ببێتەوە.

> **لەم ناوچەیەدا کە زۆربەی دانیشتوانەکەی موسوڵمانن، ئیتر سەر بە هەر رەگەزێك بنو بە هەر زمانێك بدوێن، هیچ هەوڵو کۆششێکی جیدی بۆ تێگەشتنو نزیکبونەوە لە ئایینی ئیسلام بە شێوازێکی عەقڵانی، لە ئارادا نیە**

بەڵێ، راستە پاتریشیا لە گەلێك بیرۆکەی کتێبەکە پەشیمان بوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکە هەر ناوازەو دانسقەیە چونکە کۆمەڵێك کەرەستەو زانیاریی دەگمەنی کۆ کردوەتەوە، هەوڵەکەیشیو شێوازی لێکۆڵینەوەکەیشی رچەشکێنانەیە، ئەم کتێبە یەکەم هەوڵێکە بۆ تێگەشتن لە ئیسلامو نزیکبونەوە لێی بەپشتبەستن بە کۆمەڵێك سەرچاوەو ژێدەری نائیسلامی. گرنگیو بایەخی کتێبەکە لەو لایەنەدایە، کە پێشتریش لە کتێبی (چیرۆکەکانی بەرزبونەوە بۆ ئاسمان) "حکایا الصعود" ی خۆمدا باسم کردوە، کە پێویستە بەڵگە دەرەکیەکانو بەڵگە ناوخۆییەکان یەکتربڕینیان پێ بکرێت بۆ مەبەستی سەلماندنی راستیو ناڕاستیی رووداوێکی مێژوویی.

بۆ رونکردنەوەی ئەم بنەمایە چەند نمونەیەك دەهێنمەوە:

لە روانگەیەکی زانستیی بێلایەنانەوە، ئێمە جیاوازی دەکەین لەنێوان دۆکیومێنتو دەقە ئایینی ـ ئەفسانەییەکانو دۆکیومێنتو دەقە مێژوویی ـ واقیعیەکان. بۆ نمونە: دۆکیومێنتێکی ئایینی ـ مێژووییمان هەیە وەکو کۆچی موحەممەد پێغەمبەری ئیسلام لە مەککەوە بۆ مەدینە، دۆکیومێنتێکی ئایینیی نامێژووییمان هەیە وەکو چیرۆکی شەوڕەویو بەرزبونەوە بۆ ئاسمان (الإسراء والمعراج) ی پێغەمبەری ئیسلام، دۆکیومێنتێکی مێژوویی نائایینییشمان هەیە وەکو هەواڵی خۆکوشتنەکەی هیتلەر.

لەبەرامبەریشدا، دەکرێت دۆکیومێنتەکان پۆلێنیش بکرێن بۆ (دەرەکی)و (ناوخۆیی). دۆکیومێنتە ناوخۆییەکان ئەوانەن کە لە دەرەوەی گروپەکەوە دێنو لە دیاردەکە دەدوێن، بۆ نمونە: (صەحیح) ی بوخاری، دۆکیومێنتێکی "ئایینی" ی ئیسلامیی ناوخۆییە. (خەباتەکەم) ی هیتلەر، دۆکیومێنتێکی مێژوویی نازیی ناوخۆییە. ئینجیلەکان کۆمەڵە دۆکیومێنتێکی مەسیحیی ناوخۆیین. مێژووەکەی یوسێبیوس دۆکیومێنتێکی مێژوویی مەسیحیی ناوخۆییە.

لەبەرامبەرەوە، دەقی (نوێژەکەی حاخام شیمعۆن بار یۆحای) "صلاة الحاخام شمعون بار يوحاي"، دۆکیومێنتێکی مێژوویی ئیسلامیی دەرەکیە، چونکە باسی رووداوگەلێکی ئیسلامیە لەلایەن مێژوونوسێکی یەهودیەوە. هەروەها ئەو روداوانەی پەیوەندییان بە ئیسلامو موسوڵمانانەوە هەیە لە (مێژووی میخائیلی گەورە) دا (نوسراوی پەتریارك میخائیلی یەکەم کە ١١٩٩ ز. مردوە)، بە دۆکیومێنتی مێژوویی ئیسلامیی دەرەکی دادەنرێن چونکە ئەم مێژوە لەلایەن مێژوونوسێکی مەسیحیەوە نوسراوە.

ئێمە لەلایەن خۆمانەوە متمانەی زۆرمان بە دۆکیومێنتە ئایینیەکان نیە، چونکە دەمارگیریو جۆشوخرۆشو سەرگەرمیی بانگەوازی ئایینی چاوی نووسەر کوێر دەکەنو وای لێ دەکەن راستی نەبینێت، ئیتر نوسەر لە زیندانی بۆچوونو باوەڕە پێشوەختەکانی خۆیدا خۆی زیندانی دەکات. لێرەوە، هەمیشە پێویستیمان بە دۆکیومێنتێکی دەرەکی هەیە کە راستیو دروستیی دۆکیومێنتە ناوخۆییەکە پشتڕاست بکاتەوە. بەڵکو دەوێرم بڵێم ئەگەر بونی هەندێك دۆکیومێنتی دەرەکی نەبوایە کە بوونی موحەممەد وەکوو کەسێکی مێژوویی دوپات دەکەنەوە؛ نە کەمو نە زۆر باوەڕمان بە بوونی نەدەبوو. پاتریشیا کرۆنیو مایکڵ کوك، بە جوانترین شێوە، تیشکیان خستوەتە سەر ئەو دۆکیومێنتە دەرەکیانەی کە باسی ئیسلام دەکەن لە ساتی سەرهەڵدانیدا بەتایبەتی. کارەکەیان هەر لەوەندەی کەمە کەسێك بێت دۆکیومێنتی ناوخۆیی لەگەڵ دەرەکیدا یەکتربڕ بکاتو بەرامبەریان بکاتەوە تا بگەینە باشترین ئەنجام.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە رۆژگاری موقتەدا صەدرو هاشمیو مەشهەدانی [من، پێش نیتشێ، دەڵێم ئەوەی لە دەرەوە ناشیرینە، لە ناویشەوە ناشیرینە]و ئیخواندا، چاوەڕێی ئەوە ناکەین کارێکی زانستیی لەو جۆرە (بەراوردکردنو بەرامبەرکردنەوەی دۆکیومێنتە ناوخۆییو دەرەکیەکان) روناکی ببینێتو بە ئەنجام بگات، پێش ئەوەی زەمانە هەمو پیسوپۆخڵیەکان گسك بدات.. بڵێیت پێویستیمان بە یەك سەدەی تریش بێت؟!!

## شێواندنی مێژوو

د. ئاراس محەمەد ساڵح

**بەشی دووەمو کۆتایی**



بۆ جاری دووەم مەئموون نامەی نارد بۆوالیەکەی لە بەغدا ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم کە زۆر توند بوو،و نامەکە کە دەقەکەی لە (تاريخ الطبري) دا هاتووە، مەئموون هەموو ئەوانەی ناڵێن قورئان مەخلوقە تەکفیر دەکاتو دەڵێت ئەوانە وەك مەسیحیەکان وان کە دەڵێن عیسا سەلامی خوای لێ بێت مەخلوق نیە، و داوا لە ئیسحاق دەکات کە هەموو ئەوانەی پۆستی حوکومییان هەیەو زانایان تاقی بکاتەوەو پرسیاریان لێ بکات دەربارەی خەلقی قورئان، بۆ ئەوەی هەرکەس نەچێتە ژێرباری دەسەڵاتو وەك دەسەڵات بیر نەکاتەوە لە پۆستەکەی دەری بکەنو نانبڕاوی بکەن، نانبڕین لەسەرکارلابردن شتێکی تازە نییەو رەگێکی مێژووی هەیە، ئیسحاق کەوتە کۆکردنەوەی زانایانو خاوەن پۆستەکانو ئەمجارە ئەحمەدی کوڕی حەنبەلی بانگ کرد کە دیارترینو گەورەترین زانای ئەو کاتەی بەغدا بوو. پرسیاری لێ کرد دەربارەی خەلقی قورئان، بەڵام ئیبن حەنبەل وەکو کێو لە رووی ئیسحاقداوەستاو لە مونازەرەکەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام لێرەدا توانای زانستی دەوری نییەو شمشێر ودەسەڵات دەور دەبینن، ئیسحاق نامەی نوسی بۆ مەئموون دەربارەی تاقیکردنەوەکەو وەڵامی بەرامبەرەکان، دوای نۆ رۆژ نامەی مەئموون هاتەوە کە زۆر توند بوو، کە ئەو زانایانەی بە دزینی ماڵی دەوڵەتو نەفامیو نەزانی ناوزەد کردبوو، داوای لە ئیسحاق کردبوو جارێکی تر تاقیان بکاتەوەو پرسیاریان لێ بکات، و دوو کەسی دیاری کردبوو ئەگەر بە بەڵێ وەڵامیان نەدایەوە ملیان بپەڕێنێتو سەریان بنێرێت بۆ مەئمون، ئەوانیش بیشری کوڕی وەلیدو ئیبراهیمی کوڕی مەهدی بوون،وە ئەوانی تر بە کۆتو پێوەندەوە بنێرێت بۆ لای خەلیفە. بۆ رۆژی دوایی ئیسحاق بانگی کردنەوەو هەڵوێستی خەلیفەی بۆ روون کردنەوە، هەموویان لە ژێر ئیرهابی شمشێردا پاشگەز بوونەوە چوار کەس نەبێت، ئەوانیش ئیبن حەنبەلو سەجادەو قەواریریو محەمەدی کوڕی نوح بوون، ئیسحاق فەرمانی دا کۆتو پێوەندی ئاسن بکرێن، بۆ رۆژی سێیەم تاقی کردنەوە، سەجادەوتی "قورئان مەخلوقە" ئازاد کرا، بۆ رۆژی دواتر قەواریری وتی "قورئان مەخلوقە" ئازادی کرد، ئیبن حەنبەلو محەمەدی کوڕی نوح سور بوون لەسەر عەقیدەی خۆیان، ئیسحاق پێوەندی کردنو ناردنی بۆ لای مەئموون، مەئموون دەکەوێتە مونازەرەکردنیان بەڵام وەك چیای سەرکەش خۆیان رادەگرنو پاشگەز نابنەوە لە عەقیدەکەیان، لە هەموو مونازەرەکانیشدا جەلادەکانی مەئموون شمشێر بەدەست وەستاون بۆ مل پەڕاندنیان، هەتا کۆتا مونازەرە مەئموون دەڵێت من لە نەوەی پێغەمبەرمو سبەینێ یان پاشگەز دەبنەوە یان مل پەڕاندن، ئەو شەوە مەئموون کۆچی دوای دەکاتو جارێکی تر ئیبن حەنبەلو محەمەدی کوڕی نوح بەرەو بەغدا دەگەڕێنرێنەوە، لە رێگادا لە رەقە محەمەدی کوڕی نوح کۆچی دوایی دەکاتو ئیبن حەنبەل دەگاتەوە بەغداو بیستو هەشت مانگ بە کۆتو پێوەندەوە زیندانی دەبێت، هەتا دەوری موعتەسەم دەست پێدەکات.

موعتەسەم لە ساڵی ٢١٨ ك هەتا ساڵی ٢٢٧ ك لەسەر تەختی خەلافەتی عەباسی بوو، موعتەسەم وەك مەئمون خوێندەوار نەبوو، کەسێکی سەربازیی زۆر دڵڕەقو توندوتیژ بوو، مەئموون لە دوای خۆی وەسیەتنامەی نووسی بوو موعتەسەم کە درێژە بە سیاسەتی دەوڵەت بدات کە عەقیدەی موعتەزیلەیەو هەرکەس سەرپێچی بکات، ئەوە خیانەتکارەو مەترسیە بۆسەر ئاسایشی دەوڵەت، دەردەسەریو زیندانو سوکایەتیکردن بە ئیبن حەنبەل زۆر توندتر بەردەوام بوو، دوای ماوەیەك موعتەسەم ئیبن حەنبەلی نارده ماڵەوە لە ژێر ئیقامەی جەبریدا داینا، لە سەردەمی موعتەسەمدا چەندین زانا شەهید بوون بە کۆتو پێوەندەوە، لەوانە نەعیمی کوڕی حەماد، ئەبو یەعقوبی بویتی ئیبن ئەعیونی میسریو چەندانی تر.

لە ساڵی ٢٢٧ ك کۆتایی بە دەسەڵاتی موعتەسم هاتو واسق بووە خەلیفە، واسق لە هەردوو خەلیفەکەی پێش خۆی توندڕەوتر بوو، یەکێك لە کارەکانی ئەوە بوو کە زۆر بە شێوەیەکی دڕاندانە ئەحمەدی کوڕی نەصری غوزاعی شەهید کرد بە دەستی خۆی، کە زانایەکی گەورەی فەرمودەو فیقە بوو، دەردەسەرییەکانی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە سەردەمی واسقدا زۆر توندتر بوون، ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم والیی واسق لەسەر بەغدا نامەی نارد بۆ ئیبن حەنبەل کە بیستوومە کەسانێك سەردانیان کردوویت، و داوات لێ دەکەم بە هیچ جۆرێك رێگە نەدەیت کەس سەردانت بکاتو لە شارێکدا دامەنیشە من تێدا دانیشتووم، بۆ هەر کوێ دەڕۆی بڕۆ بۆ زەویی خوا، ئیبن حەنبەل دوای ئەو نامەیە خۆی شاردەوە تەنانەت بۆ نوێژیش دەرنەدەچوو هەتا کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی واسق لە ساڵی ٢٣٢ ك، لەو ساڵەوە متەوەککیل هاتە سەرتەختو ئیعلانی ئازادیی عەقیدەی کردو داوای لێبووردنی لە ئیبن حەنبەل کردو ئازادی کرد.

لە ماوەی دەسەڵاتی سێ خەلیفەی موعتەزیلەدا مەئمونو موعتەسەموواسق کە ٣٤ ساڵ حوکمڕانییان کردوە ئیبن حەنبەلو هەزارانی تر لە ژێری فشاری کوشتنو ئەشکەنجەدانو زیندانیکردندا بوونو سەدانیان لێ شەهید بووە، تەنها لەبەر ئەوەی وەك دەسەڵات بیریان نەکردوەتەوەو ملکەچی دەسەڵات نەبوون، ئیبن حەنبەل لە ماوەی ئەو ٣٤ ساڵەدا لە ژێری فشاری دەسەڵاتی موعتەزیلەدا ناڵاندوویەتیو پێوەندی ئاسن لە دەستو قاچیدا بووە، بەڵام بە هیچ جۆرێك تەسلیمی خواستەکانی دەسەڵات نەبووەو ترسی لە مردنو کوشتن نەبووە، وەك زانایەکی خاوەن ئیرادەی بەهەڵوێست خۆی راگرتووە، وەهەموو ئەو دەردەسەریو ناخۆشیانەو دەقی مونازەرەکانو نامەکانی مەئموونو ئیسحاق لە کتێبەکانی مێژوودا پارێزراون بە تایبەتی لە مێژووی تەبەریدا، هەر کەس بیەوێت دەتوانێت مێژووی تەبەری بخوێنێتەوە هەتا بزانێت کێ جەلادەو کێ قوربانی.

دەربارەی ئەوەی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بە فەرمانی خەلیفە کتێبی دژی موعتەزیلە نوسیبێت لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوودا شتی وەها باس نەکراوە، ئەو خەلیفەیە کێ بووە؟ کتێبەکە ناوی چی بووە؟ ئیبن حەنبەل تەنها چوار کتێبی نووسیوە ئەوانیش: ـ المسند. کە لە چل هەزار فەرمودە پێکهاتووە. ـ الناسخ والمنسوخ. ـ العلل. ـ السنن فى الفقه. وە هیچیان باس لە موعتەزیلەو عەقیدەی ئەوان ناکاتو نە لە دوورو نە لە نزیك پەیوەندییان بەو باسەوە نیە.

وە لە بارەی سوتاندنی کتێبو ئەدەبیاتی موعتەزیلەوە وا بزانم قسەیەکی گۆترەکاریی بێبنەمایەو نازانم لە چ سەرچاوەو کتێبێکی مێژووییدا باس لەو بابەتە کراوە، ئەگەر ئەدەبیاتی موعتەزیلە بسووتایە هەتا ئێستا تەفسیری زەمەخشەری (الكشاف) نەدەما کە یەکێکە لە تەفسیرە باشەکان لە رووی زمانەوانیەوەو کە لای زۆربەی مەلاکانی کوردەوارییش هەیەو سەرجەم نوسینەکانی زەمەخشەری ماونو جێگەی گرنگی پێدانن لای ئەهلی سوننەو هەتا ئێستا سەدان لێکۆڵینەوەی ماستەرو دکتۆرا لە زانکۆی بەغداو ئەزهەرو زانکۆکانی تر لە سەر نوسینەکانی زەمەخشەریو قازی عەبدولجەبار کراوەو کەسیش نەیوتوە خراپن بیانسوتێنن،وە هیچ کەس لە ئەهلی سوننەش ئامادە نییە عەقیدەی راستی خۆی بگۆڕێتو ببێتە موعتەزیلە لەبەر خاتری زەمەخشەریو قازی عەبدولجەبار خوا لێیان خۆش بێت.

> **ئەگەر ئەدەبیاتی موعتەزیلە بسووتایە هەتا ئێستا تەفسیری زەمەخشەری (الكشاف) نەدەما کە یەکێکە لە تەفسیرە باشەکان لە رووی زمانەوانیەوەو کە لای زۆربەی مەلاکانی کوردەوارییش هەیەو سەرجەم نوسینەکانی زەمەخشەری ماون و جێگەی گرنگی پێدانن لای ئەهلی سوننە**

بۆ ئەم باسە سودی زۆرم لە کتێبەکەی بیریارو رەخنەگری عەرەب خوالێخۆشبوو محەمەد عابد ئەلجابری (المثقفون في الحضارة العربية ـ محنة ابن حنبل ونكبة ابن رشد) وەرگرتووە، بەو هیوایەی نووسەر بە سنگێکی فراوانو عەقڵێکی زانستیەوە لێم قبوڵ بکات.